# پێشبینی کردنی میلۆدی و تێکست لە گۆرانیدا

**ماهیر**

ئوپسالا- سوید



کاتێك لە موزیك و گۆرانیدا باسی هەردوو شێوازی ڕۆژهەلأتی و ڕۆژ ـ ئاوایی دەکرێت . هەندێ کەس پێیان وایە کەسانی ڕۆژئاوایی بە هیچ شێوەیەك چێژ لە گۆرانی ڕۆژهەلأتی وەرناگرن و تا ڕادەیەك پێچەوانەکەشیان بەلاوە ڕاستە . هەندێکی دیکە باوەڕیان وایە کە موزیك و گۆرانی لە هەموو دنیادا هەر یەك شتە و ئەوەی بە ڕاستی چێژەری موزیك بێت حەز لە هەموو کارە جوانەکان دەکات . لە ڕاستیدا من لە گەڵ بەشێکی ئەو ڕایەی دووەمدام ( لە ڕووی چێژەوە ) بەلأم بۆ مەسەلەی جیاوازییەکان دەبێت ئەوە بڵێین کە جیاوازیی زۆر لە نێوان ئەو دوو شێوازە (لە هەموو ڕووەکانەوە) هەیە و ئەو جیاوازییانەش لە زۆر لە کتێبە زانستییەکانی موزیك باسکراوە و من لێرە دووبارەیان ناکەمەوە .

ئەوەی کە من دەمەوێت لە سەری بدوێم مەسەلەی چێژە و چۆنییەتی درێژکردنەوەی تەمەنی ئەو چێژەیە . ئایا ئەو شتانە چین کە وا دەکەن گوێگر لە گوێگرتنی سێیەم یان چوارەمی گۆرانییەك بێزار بێت , یان بە لانی کەم گەرم و گوڕیی گوێگرتنی وردە وردە سارد بێتەوە ؟ ئایا ئەو حاڵەتی زوو تێربوونە لە گۆرانییەك بە شێوەیەکی گشتی لە کام لەو دوو شێوازانەی باسمانکردن زیاترە ؟

بۆ وەلأمدانەوەی ئەو پرسیارە دەبێت کەمێك باس لە دەروونی مرۆڤ و هەستەکانی بکەین بە تایبەتی هەستی بیستن , بەو پێیەی کە موزیك و گۆرانی لە ڕێگەی بیستنەوە دەگەنە دەرونی مرۆڤ و چێژ وەرگرتن یان بێزار بوون لە گۆرانییەك ڕاستەوخۆ کار دەکاتە سەر دەروونی مرۆڤەکان . جا وەکو زانراوە و زانستیش سەلماندوویەتی , مرۆڤ درەنگتر لەو شتانە تێر دەبێت یان بێزار دەبێت کە پێشتر نەیبینیون , نەیبیستوون , نەیچەشتوون , بۆنی نەکردوون یان دەستی لێنەداون . کەواتە ئەگەر باسی بیستنی گۆرانی بکەین پێویستە گۆرانییەك دروست بکەین کە کەمترین خاڵی هاوبەشی لە گەڵ گۆرانییەکی پێشووتردا هەبێت . بە پێچەوانەی ئەو کەسانەی پێیان وایە گۆرانیی (تا ڕادەیەك بیستراو) زووتر دەچێتە دڵەوە . ئەمە ڕەنگە بۆ کەسانی کەمچێژ و بۆ یەکەمین گوێگرتنی گۆرانییەك ڕاست بێت بەلأم دەبێت بزانیین کە هەر هەمان گۆرانییش زۆر بە ئاسانی لە دڵ فڕێ دەدرێتە دەرەوەو تەمەنی لە چەند گوێگرتنێك زیاتر تێناپەڕێت . هەر ئەمەشە وایکردووە کە دیاردەی (گۆرانی وەرزیی یان کاتیی) دروست ببێت و خەڵکانێك زۆر بە ئاسانی و بە بێ ماندووبوون (بۆ ماوەیەکی کاتی ) لە ڕێگەی تێکهەڵکێشکردنی چەند میلۆدییەکی دووبارەو بە یەکەوە بەستنی چەند ڕستەیەکی سواو , زوو بچنە دڵی خەڵکەوە و بگەنە لوتکەی ناوبانگ . بە دیوەکەی تریان گۆرانییە نەبیستراوەکان کاتێکی زیاتریان دەوێت تا لە مێشکی گوێگر دەچەسپێن و لەبەر دەکرێن و دەگوترێنەوە (بێگومان ئاستی هۆشیاریی موزیکیی لە لای کەسی گوێگر لەمەدا دەور دەبینێت ) . یۆنانەکان دەڵێن " ئەو گۆرانییانە خۆشن کە بیستوومانن , بەلأم ئەوانە خۆشترن کە نەمانبیستوون " .

ئەوەی لە زۆر لە گۆرانییە ڕۆژهەلأتییەکاندا هەستی پێدەکرێت پێشبینیکردنی ڕستە ئاوازییەکانە لە گۆرانیدا , واتە لە یەکەم گوێگرتنی گۆرانییەکە و لە کاتی بیستنی ڕستەیەکی ئاوازیی دیاریکراو , گوێگر دەزانێت یان پێشبینی

چۆنییەتی ڕستەی دواتر دەکات . ئەمەش بە هۆی ئەوەی کە سکێڵە ڕۆژهەلاّتییەکان لە سەر کۆمەلێك تۆنی یەك بەدوای یەك (تتابعی ) دەژەنرێن لە کاتێکدا لە سکێڵە ڕۆژئاواییەکاندا بازدان هەیە لە تۆنێکەوە بۆ تۆنێکی دوورتر .

هەندێ لە ئاوازدانەرانی گۆرانیی ڕۆژهەلاّتی زیرەکانە هەولّیانداوە تا ڕادەیەك خۆیان لەم کێشەیە دەرباز بکەن بە کەمکردنەوەی پێشبینییەکان لە گۆرانییدا ئەویش بە کارکردن لە سەر ئەو شیعرانەی کە ئاوازدانەر ناچارناکەن هەموو کاتێك وەستانەکان یان ناوبڕە موزیکییەکان لە هەمان شوێنی ڕستەی پێشووتری میلۆدییەکە دروست بکات . واتە گۆڕینی فۆرمی شیعرەکان لە ڕووی کێشەوە بە شێوەیەك کە لە هەر دێڕە شیعرێکدا بتوانی ناوبڕی موزیکیی کورت لە شوێنی جیا جیا دابنێی , جگە لەوەی کە وێنە شیعرییە جیاواز و تازەکان ئاوازدانەر ناچار بکەن کە ڕستەیەکی ئاوازیی دووبارە دانەنێت . بە تایبەتی ئەو ئاوازدانەرانەی باوەڕیان وایە کە پێویستە ئاواز وەکو کامێرای فۆتۆ وێنەی وشەکان و وێنە شیعرییەکان بکێشێت و حالّەتی دەروونی شیعرەکە لە ئاوازەکەش ڕەنگ بداتەوە , چونکە ئەو کاتە باوەڕمان بەوە دەبێت کە نابێت بۆ دوو وێنەی شیعریی جیاواز هەمان ڕستەی موزیك دابنێین .

بە داخەوە لە گۆرانی کوردیدا ئەم هەولاّنە کەم بوون و زۆرجار لە گۆرانیەکدا سێ یان چوار کۆپلە بەیەك ڕستەی موزیك دەگوترێتەوە و هەندێ جار ئەو ڕستەیەش بیستراوە . لە هەندێ حالّەتدا نەك تەنها میلۆدییەکە پێشبینی دەکرێت , بەلّکو ڕستە شیعرییەکانیش پێشبینی دەکرێن و نموونەمان بۆ ئەوە زۆرە .

زۆرجار دەلّێن ئەو گۆرانییە سەرکەوتووە کە گەورەو بچوك و ژن و پیاو و .......... هەموو کەسێك لەسەر زمانی بێت و بیلّێتەوە و هەمیشە لە گەشت و سەیرانەکان یان لە بەرنامە تەلەفزیۆنییەکاندا ئەو گۆرانییانەمان بە دەنگی کەسانێکی ئاسایی گوێلێدەبێت کە ڕەنگە ڕێك وەکو گۆرانیبێژەکە یان هەندێ جار باشتریش بیلّێنەوە . لەو کاتانەدا پێویستە لە خۆمان بپرسین جیاوازیی ئەو گۆرانیبێژە لەگەلّ خەلّکی ئاسایی چییە ؟ ئەگەر منداڵێك زۆر بە ئاسانی بتوانێت ئەو گۆرانییە وەکو خۆی بلّێتەوە , کەواتە کام هونەرەی ئەو گۆرانییە بۆ گۆرانیبێژەکە دەگەڕێتەوە ؟ پێم وایە بە کردارێك دەگوترێت هونەر کە کەسی هونەرمەند دەتوانێت بیکات و خەلّکی ئاسایی ناتوانن .

بۆیە بۆ ئەوەی گۆرانییەکانمان لە ئاستێکی هونەریی بەرزدا بن و تەمەنیان درێژ بێت , پێویستە گۆرانیبێژان و ئاوازدانەران خۆیان لە ڕستەی ئاوازی بیستراو بپارێزن و کار لەسەر فۆرمە جیاوازەکانی شیعر بکەن و بابەتی دووبارە و سواو نەکەنە گۆرانی . بە هەمان شێوە پێویستە لە ڕستە موزیکییەکانی پێشەکی و نێوان کۆپلەکانیش ئەم دووبارە نەبوونەوەیە لە بەر چاو بگیرێت .